www.kurdistannet.org
5-3-2003 21:40

# بەرزو پیرۆز بێت دوانزەهەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی جەماوەری باشووری کوردستان

*نەتەوەی کوردی خۆڕاگر.

*جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان.

*کەس‌وکارو بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان.

ئەمڕۆ (٥) ی ئادار، ڕۆژێکی مێژوویی‌و یادەوەرییێکی سیاسی‌و گەلێری مەزنە لەدیرۆکی نەتەوەکەماندا، دوانزەساڵ بەر لە ئەمڕۆ لەئاکامی سیاسەتی داگیرکارانەو شۆڤینیانەی ڕژێمی عێراق لە هەوڵدان بۆ پاکتاوکردنی ڕەگەزیی نەتەوەکەمان‌و شێواندنی ناسنامەو مێژوو دیموگرافیای کوردستان‌و ئەنفال کردنی ٢٥٠ هەزار مرۆڤی کوردو کیمیابارانکردن‌و تێکدان‌و خاپوور کردنی زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند، بلێسەی ڕاپەڕینی پیرۆزو شۆڕشگێڕانەو ئازادیخوازانەی جەماوەری کوردستان بەپاڵپشتی بەرەی کوردستانی لەڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین هەڵگیرساو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بلێسەی شۆڕش‌و ڕاپەڕینەکە زیاتر گڕی گرت‌و بووە هەوێنی ئازاد کردنی زۆربەی هەرە زۆری خاکی باشووری کوردستان بەکەرکوکی شادەماری ئابووری کوردستانیشەوە، ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١خاڵی وەرچەرخان‌و گۆڕان بوو بۆ نەتەوەکەمان‌و وەڵامێکی وڵاتپارێزانەو دیدگایەکی سەربەخۆخوازانەی کوردی بوو لەپێناو سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان و، گۆڕانێکی جۆرایەتی بوو لە گۆڕینی خەباتی شاخ بۆ خەباتی شار لەپێناو هەنگاونان بۆ ژیانێکی سەرفرازو ئازادانەو کارکردن بۆ پراکتیزەکردنی ئازادییەکان‌و چەسپاندنی بنەما دیموکراتیەکان، بەهۆیەوە وەك کورد توانیمان دەزگا دەستورییەکان‌و ئیدارییەکان پێك بهێنین، ئەم ئەزموونەی ئێستاشمان لەباشووری وڵاتدا کەلەناوچەکە هاوێنەی نیەو، دەبێ بەهەموو لایەکمان وەك دەستکەوتێکی مەزنی ڕاپەڕین بەرەڤانی لێبکەین‌و بیپارێزین.

یادکردنەوەی ئەم ساڵمان بۆ ڕاپەڕین لەقۆناغێکی ناسك‌و هەستیارو چارەنوسسازدایە، بەهۆی ئەگەری گۆڕینی ڕژێمی ئێستای عێراق لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانی، ئێمەش کەساڵەهایە کۆلۆنیالیستی دەستی ڕژێمی عێراق بووینەو ئێستاش بەشێکی زۆر لەخاکی باشووری کوردستان لەژێر دەستی ڕژێمی عێراق ماوەتەوە، بۆ ئەوەی سود لەم گۆڕانکارییانە وەربگرین دەبێ خوێندنەوەیەکی کوردی واقیعییانەی وردمان بۆ بارودۆخەکە هەبێت‌و لەم گەمە سیاسیەی ئەمریکا کەلەگەڵ وڵاتاندا پەیڕەوی دەکات سود وەربگرین‌و وانەکەی ڕاپەڕینیش کەفێری کردین بەیەکریزی‌و تەبایی‌و یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان دەتوانین ئیرادەی خۆمان سەربخەین بکەینە سەرمەشقی خەباتمان‌و، داگیرکەران‌و دووژمنانیش بەچۆکدا بدەین‌و کوردستان بکەینە گۆڕستانی ئەو لایەن‌و دەوڵەتانەی چاویان بڕیوەتە باشووری کوردستان بەتایبەت ڕژێمی تورکیای ڕەگەزپەرست کە گەرەکییەتی لەگەڵ هاتنە پێشەوەی ئەگەری گۆڕانکارییەکان بێتە باشووری کوردستان‌و هەردووشاری کەرکوك‌و موسل داگیر بکات. ئەم یەکریزی‌و یەکێتییەی ڕاپەڕین جارێکی تر لەخۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی هەولێرو سلێمانی‌و شارەکانی تری کوردستان‌و ڕەوەندی کورد لەدەرەوەی وڵات لەدژی هاتن‌و لەشکرکێشی سوپای تورکیا دووبارە بۆوە کەخەڵکی کوردستان بەهەموو شێوەیەك ئامادەیە بەرەڤانی لەخاکی پیرۆزی کوردستان بکات‌و لەدژی داگیرکەراندا بووەستێتەوە.

لەم بۆنە شکۆدارەدا جارێکی‌تر چەپکەگوڵی وەفاداری بۆ سەرگڵکۆی شەهیدانی ڕاپەڕین‌و تێکرای شەهیدانی ڕێی سەرخۆبوون‌و ئازادی کوردستان دەنێرین‌و سڵاو لەخۆڕاگریی خەڵکی ناوچە داگیرکراوو بەعەرەبکراوەکانی کەرکوك‌و خانەقین‌و مەخموورو مەندەلی‌و بەدرەوجەسان‌و شنگال‌و قەراج‌و کەندێناوەوگوێڕهەموو ئەو

**شوێنانەی تائێستا لەژێر دەستی رژێمی عێراق داماونو، پێیان دەڵێین هەرخۆڕاگربن رۆژی رزگاریوئازادیتان نزیك بۆتەوە.**

**-بەرزو شکۆداربێت دەستکەوتەکانی راپەڕین.**

**-بێتەدی کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادوو یەکگرتوو ودیموکرات.**

**مەکتەبی سیاسی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**

YNDK

**١٤ ی رەشەمێ /٢٧٠٢ی کوردی**

**٥ی ئادار /٢٠٠٣ی زایینی**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت